### سەید توانا بە قوڵەی ڕانیەدا دێتەوە

# لێدوان ئەرشیفێکی دەوڵەمەندی وێنەی دۆزیەوە







دوای بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی مێژووی سەرچاوەی ئاوی قوڵەی رانیە لەژمارەی پێشوی لێدواندا، دەرکەوت کە ئەم وێنەیە بە کامێرای هونەرمەندێکی کۆچکردووی شاری قەڵادزێ گیراوە، گەنجێك بەناوی (رەوشت توانا) له پەیوەندیەکدا بە لێدوانی وت، کە ئەم وێنەیەو چەندین وێنەی تر بە کامێرای باوکی گیراون، کە پێشتر لەو هونەرەدا کاری کردووەو ناوی ( سەید توانا) بووە، ئێستاش ئەرشیفێکی دەوڵەمەندی وێنەی فۆتۆگرافی لەدوای خۆی جێهێشتووە، هونەرمەند (سەید توانا) لە ساڵی ١٩٤٨ لە شاری قەڵادزێ لەدایك بووەو له ساڵی ١٩٧٣وە دەستی داوەتە هونەری فۆتۆگرافی، یەکێك بووە لە هاورێکانی هونەرمەندی گەورەی کورد (د.عەزیز سەلیم)ی کۆچکردوو تەنانەت چەند وێنەیەکی سەید توانای کردوە بە تابلۆ, بەڵام بەداخەوە له ساڵی ١٩٩٢ له شاری قەڵادزێو لە کارەساتێکی نەخوازراودا بۆتە قوربانی، ناوبراو ئەندامی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستانو خاوەنی هونەرێکی باڵا بووە لە بواری فۆتۆگرافدا، بۆیەشە بەشێوازێکی جوانو سەرباری نەبونی کامێرای پێشکەوتوو لەو کاتەدا، توانیویەتی چەندین وێنەی دانسقەو جوان بگرێتو ئەرشیفیان بکات، تا لە ئاییندەدا سوودیان لێ وەر بگیرێت، ئێستا ئەو ئەرشیفە دەوڵەمەندەی ماوەو زۆربەی وێنەکان بڵاو نەکراونەتەوە، کە لەلایەن کورەکەی بەناوی ( رەوشت) پارێزراون کە ئەویش رێبازی باوکی لە هونەردا ون نەکردووە، لە ساڵی ٢٠٠٦ پێشانگایەکی بۆ بەشێك لە بەرهەمەکانی کردۆتەوە .

## ڕاپۆرتێکی وێنەیی له بازاڕێکی شارۆچکەی حاجیاوادا



فۆتۆ: خالید کانی تووی


پاشماوەو پیسی کەڵەکەی کردوە


لەچاوەڕوانی فرۆشتنو قەسابخانە


بازاڕێك لە حاجیاوا شوێنێکە بۆ سەربڕینی پەلەوەر بەتاك و بە کۆ


ئێرە پشت بازاڕێکی حاجیاوایە


دەستەکانیدەکاتە دووربینو بەدوای موشتەریدا دەگەڕێت


منداڵێك لەناو چڵکاوی بازاڕێکدا خەون بە فرۆشتنی کەڵەشێرێکەوە دەبینێت